# له زانسته‌كانی قورئان

**ئاماده‌كردنی م: شێرزاد عبدالقادر**

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

## زانسته‌كانی قورئان

به‌شێوه‌یه‌كی گشتی زانست به‌هه‌ردوو لایه‌نه‌كه‌ی دینیو دونیایی ، وه‌ك ده‌ڵێن ده‌ریایه‌كی بێ سنور و بێ بنه‌، ئاده‌میزادیش هه‌رچه‌نده زانیاری هه‌بێت چه‌ند دلۆپه ئاوێكی له‌و ده‌ریا بێ سنوره هه‌ڵێنجاوه و هیچی تر . هه‌روه‌ك په‌روه‌ردگارمان ده‌فه‌رموێت:

(وَمَا أُوتِيتُمْ مِنَ الْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا)[1]

واته: ئه‌ی ئاده‌میزاد ئێوه ته‌نها كه‌مێك له‌زانست نه‌بێت پێتان نه‌دراوه .

وه‌له زوور هه‌موو خاوه‌ن زانیاریه‌كه‌وه زاناتر هه‌یه: (وَفَوْقَ كُلِّ ذِي عِلْمٍ عَلِيمٌ)[2]

گومانی تێدا نیه كه پێویسته بۆ زانین وتێگه‌یشتن له‌هه‌ر زانستێك له‌زانسته شه‌رعیه‌كان ئاگادارو شاره‌زابین له بنه‌ما و بنچینه‌كانی ئه‌و زانسته ، بۆ ئه‌وه‌ی به جوانی له‌سه‌ربنه‌مایه‌كی ڕاست لێی تێبگه‌ین.

وه‌خوای گه‌وره‌ش له‌ئایه‌تێكدا ده‌فه‌رموێت :(وأتوا البيوت من أبوابها )[3]

شێخ (عبد الرحمن السعدي) له ته‌فسیری ئه‌م ئایه‌ته‌دا ده‌ڵێت : ئه‌وه‌ی وه‌رئه‌گیرێت له‌ئاماژه‌ی ئایه‌ته‌كه ئه‌وه‌یه، كه پێویسته مرۆڤ بۆ هه‌ر كارێك له‌كاره‌كانی ، له‌ڕێگایه‌كی ئاسان و نزیكه‌وه بۆی بڕوات ، كه كراوه به گه‌یه‌نه‌ر بۆی.

وه ده‌ڵێت : فێرخوازو فێركار ، پێویسته له‌سه‌ریان به‌گرتنی نزیك ترین و ئاسان ترین ڕێگا ، كه مه‌به‌ست پێی دێته‌دی . جا به‌م شێوه‌یه‌ش هه‌ركه‌سێك هه‌وڵ بدات بۆ هه‌ر كارێك ، وه له‌ده‌رگای

---

[1] (الاسراء: من الآية٨٥)

[2] (يوسف: من الآية٧٦)

[3] [البقرة] (١٨٩)

خۆیەوە بۆی بڕ وات ، ئـەوە بـێ گومـان دەگات بە مەبەستەکەی ، بەیارمەتی ﷲ

وەگـەورەترین وگـرنگترین کـاری مـرۆڤ لەم دونیایە بریتی‌یە لەپەیڕەوکردنی ئـەو قورئانـــە پــیرۆزەی کـــە پـــەروەردگار ناردویەتی‌یە خوارە بۆ ڕێنمایی ئادەمیزاد وە فەرمویەتی :

(فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُمْ مِنِّي هُدىً فَمَنْ تَبِعَ هُدَايَ فَلا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلا هُمْ يَحْزَنُونَ)[٤]

(فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُمْ مِنِّي هُدىً فَمَنِ اتَّبَعَ هُدَايَ فَلا يَضِلُّ وَلا يَشْقَى . وَمَنْ أَعْرَضَ عَنْ ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنْكاً وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَى)[٥]

.(مَنْ أَعْرَضَ عَنْهُ فَإِنَّهُ يَحْمِلُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وِزْراً)[٦]

واتە: ئـەی گـرۆی ئـادەمیزاد لەمنـەوە هیدایەت و ڕێنمایی و بەرنامەتان بۆ دێت (ئـەویش ئـەم قورئانـە پیرۆزەیـە) جـا هەرکەسێ شوێنی کەوێ و پەیڕەوی بکـا بەگشتی لە هەموو بوارەکـانی ژیانیـدا – بـەگوێرەی توانـای– ئـەوە نـە گـومڕا دەبێت لەڕێگای ڕاست لەژیانیدا ، وە نە بە هیلاکیش دەچێت لە دواڕۆژدا .

وە هەروەها نەترسی سـزاو ناڕەحـەتی ڕۆژی موحاسەبەی لەسەرە، وە نە خەمی دونیاشـی دەبـێ . بـەلاَم بەپێچـەوانەوە هەرکەسـێ پشـت هـەلَکا لـەو قورئانـە ، ئەوە گومڕا دەبێت و ژیانی تـەنگ و تـالَ دەبێـت و ڕوو ڕەشـی دواڕۆژەو بـەکۆلَێ تاوانەوە بەکوێری موحاسەبە دەکرێ ! !

کەواتە زۆر پێویستە بەڕاستی و تەواوی لەم قورئانە پیرۆزە تێبگـەین و لێـی ورد بینەوە ، وەك فەرمانمان پێکراوە :

(كِتَابٌ أَنْزَلْنَاهُ إِلَيْكَ مُبَارَكٌ لِيَدَّبَّرُوا آيَاتِهِ وَلِيَتَذَكَّرَ أُولُو الْأَلْبَابِ)[٧] .

تاوەکو بتـوانین پـەیڕەوی بکـەین وەك فەرمانمان پێکراوە :

(وَهَذَا كِتَابٌ أَنْزَلْنَاهُ مُبَارَكٌ فَاتَّبِعُوهُ وَاتَّقُوا لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ)[٨] .

بـــەلاَم بـــۆ تێگەیشـــتن لـــە قورئـــان پێویسـتیمان بـە شـارەزابون هەیـە لـە **زانستەکانی قورئان** (علوم القــرآن) کـە کۆمەلێك بنچینەو بنەمای یارمـەتی دەرو

---

[٤] (البقرة: من الآية٣٨)

[٥] (طـــه: من الآية ١٢٣-١٢٤)

[٦] (طـــه:١٠٠)

[٧] (سورة صّ:٢٩)

[٨] (الأنعام:١٥٥)

ڕێ ئاسان کارن بۆ تێگەیشتن لەم قورئانە پیرۆزە.

کەواتە بابزانین ئەم زانستە چۆن پێناسکراوەو سودەکانی چین.

## پێناسەی

## زانستەکانی قورئان (علوم القرأن)

( بریتییە لەو زانستەی کە دەکۆڵێتەوە لەو باسانەی پەیوەندیان بەقورئانی پیرۆزە وە هەیە،وەکو (هۆیەکانی دابەزین) و (مەککی ومەدەنی) و(جۆرەکانی تەفسیر) وە هەر بابەتێك کەپەیوەندی بەقورئانەوە هەبێت).

جاری واش هەیە بەم زانستەدەڵێن (أصول التفسیر) واتە نەماکانی تەفسیر" چونکە لەوباسانە دەکۆڵێتەوە کە پێویستە موفەسسیری قورئان پشتیان پێ ببەستێ لەکاتی ڕاڤەکردنی ئایەتەکانی قورئان.

## سودەکانی

سودی ئەم زانستە لەوەدایە کە خاوەنەکەی ماناو حوکمی قورئان بەڕێك و پێکی وەردەگرێت لەسەر بناغەیەکی دروست وپتەو ، وەبەتێگەیشتنێکەوە کە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ لەسەری بوون بەبێ کەمڕەوەی و زیاد ڕەوی ، چونکە ئەم زانستە نزیك ترین و ئاسانترین ڕێگای گەیەنەرە بە تێگەیشتنی قورئان .

وە(إن شاء اللّٰه) لە داهاتودا دێژە دەدەین بە خستنە ڕوی بنچینەکانی زانستەکانی قورئان ،.بەڵام لێرەدا کورتە باسێکی قورئان دەکەین

## پێشەکییەك سەبارەت بە[قورئان]:

### پێناسەی قورئانی پیرۆز:

زانایانی ئیسلام- ڕەحمەتی خوایان لێبێت- بەچەند شێوەیەك پێناسەی قورئانیان کردووە ، یەکێك لەو پێناسەی کە وتویانە بریتییە لە:

القرآن: ((هو كلامُ اللهِ ، المُنَزَّلُ على محمد ﷺ المتواترُ ، المُتَعَبَّدُ بتلاوته )) .

لەم پێناسەیەدا ،ئەم خاڵانەی خوارەوە وەردەگیرێن لەبارەی قورئان:

١- ((كلام الله)): واتە:قورئان ووتەی خودایە ماناو ووشەکانیشی " لەیەکەم پیتەوە تاوەکو دوا پیت .(جبریل)یش گوێی لێ بووە لەخوای گەورە .

٢- ((المُنَزَّل على محمد ﷺ)) : واتە دابەزێنراوە لەلایەن اللّٰه بۆ سەر پێغەمبەری خودا محمدﷺ ، بەشێوەیەك لەشێوەکانی(وەحی ).

٣- ((المتواتر)) واتە:قورئان کۆمەڵێکی وەها گێڕاویانەتەوە بۆ ئێمە کەبەهیچ شێوەیەك کۆنابنەوە لەسەردرۆ کردن ، لەبەر زۆری ژمارەکەیان و جیاوازی شوێنەکانیان . کەوابوو قورئان پارێزراوە لەهەموو شێوەیەکی زیادو کەم ، چونکە پەروەردگار خۆی گفتی پاراستنی داوە (إنا نحن نزّلنا الذكر وإنا له لحافظون)[9]

٤- ((المتعبـد بتلاوتـه)) واتە: خواپەرستی ئەنجام دەدرێ بە تەنها خوێندنەوەکەشی " چونکە خودی خوێندنەوەکەشی خواپەرستیەو شەرعی پیرۆزیش داوای لێ کردوین کە بەندایەتی بنوێنین بەخوێندنەوەی لە نوێژو جگە لە نوێژیش لە ڕوی پەرستن و نزیك بوونەوە لەپەروەرداگار .

## ناوەکانی قورئان:

خوای گەورە زۆر ناوی ناوە لە(قورئان)،لەوانە :

١-( القرآن )، واتە: خوێنراوە ، وەئەم ناوە ئاماژەیە بۆ خوێندنەوەی و لەبەرکردنی لەلایەن هەڵگرانی . وە بەڵگەی ئەم ناوەیش ئەم ئایەتەیە:

(إِنَّ هَذَا الْقُرْآنَ يَهْدِي لِلَّتِي هِيَ أَقْوَمُ وَيُبَشِّرُ الْمُؤْمِنِينَ الَّذِينَ يَعْمَلُونَ الصَّالِحَاتِ أَنَّ لَهُمْ أَجْراً كَبِيراً)[10]. واتە:بەڕاستی ئەم قورئانە ڕێنماییکارە بۆ بەرزترین و دادپەروەرترین ڕێگا، لەهەموو لایەنەکانی بیروباوەڕ،وکردەوەو ڕەوشت .

٢- (الكتاب)، واتە: نوسراو ، کەئەم ناوەش ئاماژەیە بۆ نوسینەوەی ، وە بەڵگەی ئەم ناوەیش ئەم ئایەتەیە:

[ لَقَدْ أَنْزَلْنَا إِلَيْكُمْ كِتَاباً فِيهِ ذِكْرُكُمْ أَفَلا تَعْقِلُونَ][11]

واتە:بەڕاستی ئەی ئەو کەسانەی کە پێغەمبەرتان بۆ نێردراوە کتێبێکمان داگرتووە بۆتان کە سەربەرزیتانی تێدایە گەر ئێوەش لە یادتان بێ و کردەوەی پێ بکەن .

٣- (الفرقـان) ،واتە: جیاکەرەوە لەنێوان حەڵاڵ و حەرام ، وە ڕێگای هیدایەت و گومڕایی ، وە کەسانی سەرفراز لەکەسانی خراپ کار. . . .

بەڵگەی ئەم ناوەیش ئەم ئایەتەیە:

(تبارك الذي نزل الفرقان على عبده)[12]

---

[9] (الحجر:٩)

[10] (الاسراء:٩)

[11] (الانبياء:١٠)

[12] (الفرقان :١)

واتە:گەورەیی بۆ ئەو زاتەی کە خێری زۆرە بەسەر بەندەکانی ، وە گەورەترین خێرو نیعمەتی دابەزینی (فرقان)ە بۆ سەربەندەکەی واتە: محمد ﷺ .

## سیفاتەکانی قورئان

بەهەمان شێوە خوای گەورە زۆر وەسفی قورئانی کردووە ، لەوانە:

١-(هدی)واتە: هیدایەت و ڕونکەرەوە.

٢-(شفاء ) واتە: چاك کەرەوە بۆ هەموو نەخۆشیەکی دەروونی ، جا چ نەخۆشی خراپی بیروباوەڕ ، یاخود ئارەزوو ، بەهەمان شێوە چاك کەرەوەیە بۆ نەخۆشی لاشەییش.

٣-(رحمة) واتە: چاکەو ڕەحمەت و پاداشتێك کە دەستی ئەوکەسە دەکەوێت پابەندی دەبێت .

٤-(موعظة ) واتە: ئامۆژگاری و وریا کەرەوەیە ، لەو کردەوانەی کە ﷲ قینی لێیانە .

بەڵگەی ئەم چوار سیفاتەیش ئەم ئایەتەیە:

(يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَتْكُمْ مَوْعِظَةٌ مِنْ رَبِّكُمْ وَشِفَاءٌ لِمَا فِي الصُّدُورِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِلْمُؤْمِنِينَ)[12]

٥-(مبارك ) واتە:زۆر بەخێرو بەرەکەتە، چونکە سەرچاوەی زانیاریو بابەتی چاکە. بەڵگەی ئەم سیفەتەیش ئەم ئایەتەیە:

(وَهَذَا كِتَابٌ أَنْزَلْنَاهُ مُبَارَكٌ فَاتَّبِعُوهُ وَاتَّقُوا لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ) [13]

واتە ئەمە کتابێکە دامانبەزاندووە ، پیرۆزو بەفەڕو بەرەکەت و پڕ خێرە " دەی شوێنی کەون و خۆتان بپارێزن لە پشت گوێ خستن و ئیهمال کردنی وە هەروەها لە شوێن نەکەوتنی یاخود پێشخستنی ڕاو یاسا دانراوەکان بەسەری " ئەگینا خوا لێتان تورە دەبێ کەواتە شوێنی کەون بەڵکو ڕوحمتان پێ بکرێ .. والحمد لله

سەرچاوەکان

١-تيسير الكريم الرحمن في تفسير كلام المنان

عبدالرحمن السعدي

٢-التأسيس في أصول الفقه

أبو إسلام مصطفى محمد

٣-الجداول الجامعة في العلوم النافعة

(قسم علوم القران )ص١٣٣.

٤-مباحث في علوم القرآن :مناع القطان

٥-الوجيز في أصول الفقه:

د.عبد الكريم زيدان.

[12] (يونس:٥٧)